وەزیری بازرگانی هەڕەشەی توند لەو بازرگانانە دەکات کە یاری بە نرخ دەکەن لە مانگی ڕەمەزاندا



ئەسیر داود غەریری" وەزیری بازرگانی ڕایگەیاند :- کە پارێزگاری نینەوا یەکێکە لەو پارێزگارانەی بەرهەمی کشتوکاڵی زۆر و گەنمی زۆر بەرهەم دەهێنێت.

وەزارەتی بازرگانی لە بەیاننامەیەکدا باسیکردوە :-"ئەسیر داود غریریە"لە میانی سەردانێکی فەرمی بۆ پارێزگاری نینەوا لەگەڵ "عەبدولقادر دخیل" پارێزگاری نینەوا، ئامادەکارییەکان بۆ وەرزی بازاڕکردنی بۆ ئەم ساڵ بۆ بەرزکردنەوەی توانای هەڵگرتن و نەژێنکردنەوەی شوێنەکانی دانەوێڵە و میکانیزمی کاری هاوبەش بۆ پشتگیریکردنی کاری لقێ بازرگانییەکان و ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی خەڵکی پارێزگاکە دەکرێن تاوتوێکرد.

بەپێی بەیاننامەکە وەزیری بازرگانی لەمیانی دیدارەکەدا جەختی کردەوە لەوەی کە پارێزگاری نینەوا یەکێکە لەو پارێزگارانەی کە بەرهەمی کشتوکاڵی زۆری هەیە و گەنمی زۆر بەرهەم دەهێنێت،ئەمەش پێویستی بە بەهێزکردنی توانای ئەمبارکردن هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو بڕە لەخۆبگرێت کە پێشبینی دەکرێت ئەمساڵ بخرێتە بازاڕەوە.

هەر بەپێی بەیاننامەکە لەبارەی ڕێکارەکانی وەزارەت بۆ مانگی ڕەمەزان ، وەزیری بازرگانی ئاماژەی بۆدا :- کە وەزارەت لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی بۆ مانگی ڕەمەزانی پیرۆز و جێبەجێکردنی

نمایەکانی سەرکی حکومەت بۆ پاراستنی نرخی خەراکە سەرتایەکان لە بازاڕی ناوخۆدا، جگە لە کردنەوەی چەندین سەنتەری بازرگانی سەدان بارهەڵگر بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئۆو خێزانانی کە داهاتکی سنووردارییان هەیە لە کڕستە پۆیست و گۆشت و مریشک و هێلکە بە کوالیتی بەرز و بە نرخکی کەبەکەکار و گونجاو دابین دەکرێت، ئۆو جگە لە چاودێری توندی بازار و سزادانی ئۆوانەی یاری بە نرخی کەل و پێل دەکەن .